# لەتیف هەڵمەت:

## ئەوەی ئێمەو گروپی ڕوانگەی کۆکردەوە، تەنها نوێخوازی بوو، بەڵام لای ئەوان نوێخوازیەکی پارێزگار، لای ئێمە نوێخوازیەکی بێسنور

باران سازدانی/ شاخەوان سدیق ، هەڵمەت عەلی



نیسانی

*** خۆت لە دیدارێکدا دەڵێیت، لەسەرەتای منداڵیتەوە، خۆت ڕۆڵت لە پێگەیاندنی خۆتدا هەبووە، بەتایبەت لەمەسەلەی خوێندەواری و نوسینتدا، ئەم هەستی فێربوونە لای تۆ چۆن سەریهەڵدا؟**

- من لەسەرەتاوە بە عەرەبی لە قوتابخانەکاندا وانەم خوێندوەو فێری خوێندەواری بووم، بەڵام بۆ فێربوونی پیتی کوردی و بەکوردی خوێندنەوە، خۆم مامۆستای خۆم بوم و خۆم هەوڵمداوە، تا فێری بەکوردی نوسین و خوێندنەوە بووم، چونکە کاتی خۆی لە گەرمیان کە من قوتابی بووم ، بە عەرەبی و بە تورکمانی دەمانخوێندوو فێری نوسین و خوێندنەوەیان دەکردین،

*** زۆرکەس تۆ بە گەرمیانی دەناسێ، لەکاتێکدا تۆ خەڵکی ناوچەی قەرەداغی، هۆکاری چونتان بۆ کفری و گەرمیان کاتی خۆی بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- شاری کفری یەکێکە لە شارە زۆر کۆنەکانی عیراق و کوردستان و دووەم پێگەی گرنگی ئیمارەتی بابان بووە، ئەوکاتەی کە شکستیانهێناوەو لە سلێمانی ڕاونراون ،هاتونەتە سنوری شاری کفری، ئێستاش جێگادەستی بابانەکان لەوێ ماوە، لە سەر بیناو باڵەخانەکان ، تەنانەت گەڕەکێکیش هەر ماوە، بە ناوی گەڕەکی (ئیسماعیل بەگی بابان)، کاتی خۆی جیاوازیەکی زۆر لە نێوان کفری و سلێمانیدا نەبووە، کاتێکیش ماڵی باوکم چوونەتە ئەوێ، هەروەك ئەوە وابووە لە سلێمانیەوە بچیتە شارباژێڕ، هەربۆیە ئێمە کاتی خۆی کە بەماڵەوە چوینەتە شارەکە، شتێکی ئاسایی بووە و سەرەنجام تا کۆتایی ساڵانی (1969) لەوی ماوینەتەوە، کە ئەو دەم نزیکەی (200) ماڵی قەرەداغی لەوی بوون.

*** زۆرێك لە شاعیران و نوسەرانی کورد پێش خۆیان کەسێك لە بنەماڵەکەیان نوسەر، یان شاعیر بوەوە و ئەم بابەتەیان لە باوانەوە بۆ ماوەتەوە. دەتوانین بزانین تۆ لە بنەماڵەکەتدا پێشخۆت کەس هەبووە سەرقاڵی نوسین بێت، باوکت یان باپیرت، یان تۆ خۆت سەربەخۆ دەستت بە نوسین کردووە؟**

- دایکم و باوکم کە ئامۆزای یەکن، زۆرجار ئەوەیان بۆ گێڕاومەتەوە کە باپیرم شاعیربووەو شیعری نوسیوە، ساڵانەو یادی تەکیی (کەس نەزان)ی کردۆتەوە لە قەراغ، ئێستاش نیوە دێرێکیم لە شیعرێکی باپیرم لە بیرماوە کە دەڵێت» بۆی بەیان مەیۆ، بۆی بەیان مەیۆ، بۆی تەهلیلەکەی کەس نەزان مەیۆ»، بێگومان مەبەستی لە شێخانی تەریقەت بووە، کە کاتی خۆی لە خانەقاکاندا چونەتە خەڵوەتەوە، جگە لە باپیرم باوکیشم شیعری نوسیوە، و دیوانێکی شیعری چاپکراوی هەیە بەناوی (میعراجی ڕاستی) و کتێبێکی چاپکراوی هەیە، بەناوی (نیزاع الحق) کە ئێستا بەنیازم چاپی دووەمی بۆ بکەمەوە، باوکم لە یەکێك لە شیعرەکانیدا دەڵێ«

وام لە ژێر کێوی سەختی دوری تۆ
بەردێ لا ئەدەم دوو ئەتلێتەوە
دوڕی دانەوێڵ بەستەی خەیاڵم
بێ ڕووناکی ڕووت نا ڕەوێتەوە
دەبەنگ و سستم وەك مەستی شەراب
گوێم بەزنگی یار ئەزرگێتەوە
هەرچەندیش بگرم من بولبولی دڵ
لە عەشقی ڕووی گوڵ هەر ئەفڕێتەوە».

ئەمە نمونەیەکە لە دەیان شیعری نوسراوی ئەو، کە ئەگەر خوا تەمەنم بدات، چاپیان دەکەمەوە، هەر چەندە زۆربەی شیعرەکانی باوکم، شیعری ئاینین و بۆ پیرۆزی پێغەمبەرو ئیمامی حسین و عەلی وتراون.

*** واتە دەتوانین بڵێین تۆ لە ژێر کاریگەری ئەواندا نوسیوتە؟**

- ئەتوانم بڵێم هەندێکجار ئەوانە بە زکماگ دەمێنێتەوە، من زۆرجار لە مەجلیسەکانی باوکمدا لە شەوانی هەینی و شەوانی ڕەمەزاندا دانیشتوم بەحکومی ئەوەی، کە باوکم زمانی فارسی و عەرەبی بەباشی دەزانی، دیوانەکانی (بوستانی سەعدی و گولستانی سەعدی و مەنتیق تەیری فەریدەدینی عەتاترو

دیوانی حافزی شیرازی و دیوانی خەیام و دیوانی مەولەوی خۆمانی دەخوێندەوە) ئەتوانم بڵێم لە دانیشتنی ئەو مەجلیسانەوە عەشقی شیعر چووە ناو ناخمەوە.

*** سەرەتای ئەزمونی شیعریت دەگەڕێتەوە بۆ کەی و چۆن دەستانپێکرد؟**

- من بیرمە کتێبێکی ئەفسانەی (ڕۆستەم و زۆراب)م هەبوو، خۆم و ئامۆزاکانم، ئەوەندەمان خوێندبووەوە، چەند لاپەڕەیەکی سەرەتای لێبووەوە، کە لێشبووەوە ونبوو، من دواتر هاتم خۆم ئەو لاپەڕە ونبوانەم نوسییەوە، ئیتر نازانم تا چەند کێش و سەروای تەواوبوو، شیعر بوو یان نا، بەڵام ئێستا لە بیرم نەماوە چۆن بوو، بەڵام یەکەمین شیعری نوسراوی خۆم کە بە هەموو هەستی خۆم نوسیومە، ئەو شیعرە بوو کە لە (1963/8/22)دا (28) پێشمەرگەی قارەمان کەوتەنە بەشێك لە سوپاکەی (زەعیم سدیق)ەوە، کە دوای شەڕێکی دەستەو یەخە هەمویان شەهید بوون، ئێوارەیەکیان لە دورەوە قەرەباڵغیەکم دی و گوێم لە دەنگی دەهۆڵ و زوڕنابوو، کە نزیك بومەوە، بینیم حەرەس قەومیەکان جستەی پیرۆزی پێشمەرگەکانیان بەستبوو بەدوای ئۆتۆمبیلداو ڕایاندەکێشان، ئەو کات لە گەرمیان عادەت بوو ،کە جەنازەیان بە دەهۆڵ و زورناوە بۆ گۆڕستان بەڕێدەکرد ، ئیتر من کە ئەو ڕوداوەم دی، چاو بە فرمێسك گەڕامەوە بۆ ماڵەوەو هەستمکرد دەبێت من شیعرێك بنوسم، ئیتر ئەوەبوو ئەم شیعرەم نوسی»

**ئەی پێشمەرگەی قارەمان      خەباتکەری نیشتمان،**
**بۆ لە خوێنا بوویت خەڵتان      بەرزکەرەوە ئاڵای غەمگینت،**
**با شەقبەرێت لە داخا دوژمنی ژینت.»**

کە ئێستا هەر ئەوەندەیم لە بەرە، بێگومان شیعرێکی کرچ وکاڵە و هیچ مواسەفاتێکی شیعرێکی سەرکەوتووی تیانییە، تەنها ڕەنگە هەستی منداڵێکی (13) ساڵان بێت، کە ڕازو هەستی دڵی خۆی خستۆتە سەر کاغەزو بەس، دەربارەی کارەساتێکی نیشتمانی.

*** چۆن شیعرت نوسی؟ کەی هەستتکرد توانای شیعریت هەیە؟**

- ئێمە کە گروپێك بوین، سەرچاوەکانی ڕۆشنبیری ئەو سەردەمەمان وەك ئێستا نەبوو، کتێبێك کە لە (دیمەشق، یان قاهیرە، یان لە بەغدا) دەرچوایە زۆرمان پێخۆش بوو، کە ئەو کتێبە بکڕین، یان ئەو ڕۆژنامانەمان دەکڕی، کە هەوڵی کتێبێکی تازەی کامۆ، یان سارتەری تیابوایە، یەکسەر دەچون لە بەغدا دەمانکڕی، من بیرمە هەر لەسەرەتاوە بە کۆمەڵێك سەرچاوەی عەرەبی پەروەردەبووین، لەوانەش دیوانەکانی (بەدرشاکر سەیاب و عەبدول وەهاب بەیاتی و بلّند حەیدەری و یوسف الخال ئینس الحال و مەحەمەد ماغوت، دوای نسکۆی حوزەیرانی عەرەبی، مەحمود دەروێش و سەمیح القاسم و سالم جەبران و تۆفیق زەیادو فەدەوات تۆقان و گەلێك شاعیری دیکەی فەلەستینیمان ناسی، جگە لەوانیش لە گۆڤارەکانی (معەلیمە جەدید)، کە شیعری (بۆدلێر ، ڕامبۆ ، مایکۆفسکی) بڵاودەکردەوە، یان گۆڤاری (شیعری) لوبنانیا کە (ئەدۆنیس و یوسف الخال) سەرپەرشتیان دەکرد، هەروەها لە گۆڤاری (ئادابا) کەوابزانم (سوهەیل ئیدریس) سەرپەرشتیان دەکرد، کە بیروڕاو بۆچونەکانی بونگەراکانی وەکو (ساتەر وکامۆ)، هەروەها شیعری نوێ وەکو شیعرەکانی (ئیلیۆت) کە یەکێك لە ژمارەی ئەو گۆڤارانەم ئێستاش ماوەو شیعری (وێرانە خاکی) ئیلیۆتی تیایە، کە دەستوخەتی خۆشی لەگەڵیدا بڵاوکراوەتەوە، کە مێژوەکەی هی ساڵی (1968) یان گۆڤاری (کلیمەت) نەجەفیمان دەخوێندەوە کە (حەمید المەتبەعی) سەرپەرشتیاری گشتی بوو، کە گۆڤارەکەی یەکێك بوو لە گۆڤارە پەلە یەکەمەکانی عیراق و وڵاتانی ناوچەکە، بەڕاستی ئەم گۆڤارانە سەرچاوەی ڕۆشنبیری ئێمەبوون، لە ساڵی(1969) گۆڤاری شیعر هاتەکایەوە، کە سەرەتا بەیاننامەیەکی زۆر گرنگی تیابوو، کە چوار شاعیری عیراقی( سامی مەهدی ، فازل علزاوی، فەوزی کەریم، خالید عەلی مستەفا) واژۆیانکردبوو، کە من لەو گۆڤارەیا جوانترین بەرهەمی (ئەدۆنیس)م خوێندەوە، بەناوی (هزا هوە ئیسمی) من ئەتوانم بڵێم لە



**ئێمە بۆ کۆمەڵگە نانوسین ئێمە بۆ ئەو کەسانە دەنوسین، کە حەزیان لە خۆێندنەوەی ئەم جۆرە دەقانەیە. ئێمە ناتونین جۆرێك لە ئەدەب بنوسین، کە هەموو جەماوەرو لێی ڕازی بێت، چونکە ئەدەب، نەنانە برسیەکان تێربکات، نە ئاوە تینوێتی بشکێنێت، تەنها شتێکە بۆ جوانکاری و ئێمە بۆ ئەوانە دەنوسین ، کە لە جوانکاری تێدەگەن**



سەرەتاکانی نوسینی شیعرما، بەتایبەت لە دیوانی (خواو شارە بچکۆلەکەماندا) زۆر قەرزاری ئەو بەیاننامە شیعریەم، لەگەڵ شیعری (وێرانە خاکی ئیلیۆت و شیعری هزا هوە ئیسمی) ئەدۆنیس، کە بەڕاستی کاریگەری گەورەیان لەسەرم هەبوو دوای خوێندنەوەی ئەوانە بینای شیعری خۆمم ڕوخاندو سەرلەنوێو لە ژێرکاریگەری ئەواندا بنیاتمنایەوە، بەجۆرێك کە کردمیان بە مرۆڤێکی کە، ئەمەش لەدوای ساڵی (68)

*** لەو سەردەمەی دەستت بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانت کرد، لەکوی بڵاوتدەکردنەوە؟**

- لەو سەردەمانەدا، کەمن شیعرم دەنوسی، لە شاری سلیمانی گۆڤاری ڕزگاری دەردەچوو، ئەگەر لە بیرم بێت خوالێخۆش بوو (شازاد سائیب) سەرنوسەری بوو، بەرێز (نەوشیروان مستەفا) خاوەنی ئیمتیازی بوو، کەلە چابخانەکەی خوالێخۆشبوو (بورهان قانیع) دەردەچوو، ئەوسا من لە ڕێگەی قوتابیانەوە سەر بەو لایەنەبووم، کە ئەو گۆڤارەیان دەردەکرد، ڕۆژی سەردانی چاپخانەکەم کرد و دیوانەکەشم لەگەڵ خۆمدا برد، سەرەتا نەمزانی ئەوە (بورهان قانیعە)، من ئەوکات گەنج بووم و سەرو قژم زۆر درێژبوو، گەنجێکی یاخی و (بەپێکەنینەوە) تۆزێکیش لە خۆباییبووم، وتم هاتووم ئەم دیوانەم بۆ چاپکەن، ئەویش وتی ئادەی شیعرێکمان بۆ بخوێنەوە، منیش یەکسەر وتم « ئەم کولەکانە ئەشکێنم، ئەمە باوەڕی منە، ئاگرەکەم ناکوژێنمەوە تەمەنی من بڵێسەیەکی بێخۆڵەمێشە، ئیتر کاك بورهان قانع ئەوەنە پێکەنی خەریك بوو لە سەر خۆی بچێت، (بە پێکەنینەوە) وتی بەخوا وتم ئەم پیاوە نەجاتی نابێت و عەمری خوا دەکات، چونکە بە شیعری

ئاوا بێکێش و سەروا ڕانەهاتبوو، من دووسێ لاپەڕەم لە شیعرەکە خوێندەوە، ئیتر وتی بیبە بۆلای بەڕێزان (مام جەلال و کاك نەوشیروان) وتم لە کوێن، وتی نازانم بەس من هەر دۆزیمنەوەو چومە لایان و کە منیان بەو سەرو ڕیشەوە بینی زۆریان پێسەیربوو، پرسیان چیم دەوێت، وتم هاتوم ئەو دیوانەم بۆ چاپبکەن، وتیان شیعرێکمان بۆ بخوێنەوە، منیش هەمان شیعرم بۆ ئەوانیش خوێندەوە، کە ڕەنگە کاك (نەوشیروان) ئێستا ئەوەی بەباشی لە بیربێت، من بیرمە کە (مام جەلال) پێیوتم بەسەرچاو ئێمە بۆت چاپدەکەین، بەڵام سەرەتا دەبێت بیبەی بۆ بەغداو لە بەشی سانسۆر ژمارەی سپاردنی بۆ وەربگریت، ئیتر تا من چوومە بەغداو سانسۆرو ژمارەی سپاردنم بۆ وەرگرت، داروبار لێرە گۆڕا، (مەبەستی لەحوکمە)و بەیانامەی (11)ی ئازار دەچوو، ئتر بەناچاری من خۆم لە چاپخانەی (الشمال) لە کەرکوك دیوانەکەم چاپکرد، بەڵام پێش چاپی کتێبەکە دووجار شیعرم لە گۆڤاری (ڕزگاری)ا بڵاوکردۆتەوە، بەڵام بەزۆری لە ڕادیۆی کوردی بەغداوە زۆربەی شیعرەکانم بڵاوکردۆتەوە،

*** ئەگەر باسێکی قۆناغی کفری بکەین، ئەو هاوڕیانە کێبوون، کە پێکەوە شیعرتان دەنوسی؟ چۆن کۆدەبونەوەو کەی دەستان پێکرد؟**

- ئێمە کۆمەڵێك بوون لە (مەدرسەت سانەویەت کفری) من لەوی (ئەنوەر شاکەلی) کە دواتر ناوەکەی گۆڕی بۆ (فەرهاد شاکەلی و ئەحمەد شاکەلی)م ناسی، کە ئەم دوانە دوو مرۆڤی نوێوازبوون لەو سەردەمەدا، ئێستاش خۆشحاڵم بەو ڕۆژەی کە ئەوانم تیاناسی، چونکە بیروڕاکانی ئەوانیش وەك من یاخی و پێشکەوتن خوازبوو، ئێمە پێمانوابوو کە ئەدەب و شیعری کوردی دواکەوتو داتەپیوەو دەبێت لەم قۆناغە دەرچێت و تێکبشکێنرێ و دونیایەکی نوێی لێدروستبکرێت، ئەم بیروبۆچونانەشمان بە کاریگەری خوێندنەوەی ئەو بیروڕا تازانەیابوو، کە پێشتر باسمکردن و ئێمە دەمانخوێندنەوە، هەرئەوەش وای کرد، وەکو گروپێك کۆبینەوەو دواتریش ناومان لێنا (گرۆپی کفری)، ئەمەش لە دەوروبەری ساڵانی (64 بۆ 65) دابوو، دواتر کەسانی تر لەگەڵمان لە هەمان گروپ کۆبوونەوە و بەشداری دانیشتنەکانمایان دەکرد، لەوانەش کاك (عەلی عەبدوڵلا)، کە لەخولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستاندا، بووە ئەندام پەرلەمان لەسەر لیستی سەوز، و کوڕێکی کە بوو بەناوی (محەمەد داماو)، کە بەبنەماڵە هەژاربوون و لە دوای ڕاپەڕین پێموابێت هەر لە برساندا مرد، بەراستی کوڕێکی زیرەك بوو، بەڵام وەك ناوەکەی داماوبوو، ئێمە لەلایان ماموٚستاکانمانەوە هاوکاری دەکراین، بەتایبەت ماموٚستایەکی تورکمانمان هەبوو کە شیعەش بوو، بەناوی (تالیب البنداوی)، بەڵام وەك خۆمان کوردی دەزانی، هەر چەندە ئەو شیوعی بوو، ماموٚستایەکی ترمان هەبوو، ناوی (عیزەدین) بوو، ئەویش زۆر هانیدەداین، و لە گوتار خوێنەوەی وەرزانەی قوتابخانەو دیواربەندیدا بەشداری پێدەکردین و وتارمان دەخوێندەوە. چەندجارێکیش خەڵاتمان وەردەگرت، کە خەڵاتی بچوك بوون، بیرمە من ئەوەندە یاخیبووم، جارێکیان لە دیوار بەندی قوتابخانە بەشداریمکردو نوسیم (ئەی زستان، من تۆم خۆشناوێ، چونکە تۆ باڵندەو دارەکانت خۆش ناوی) و ماموٚستایەکی ترمان هەبوو، کە زۆر هانی منی ئەداو قەرزاریم ماموٚستایەك بوو بەناوی (موستەفا موڵکی) کە هەر بە عەرەبی قسەی دەکرد، بەڵام دەیانوت خۆی تورکمانە، بەڕاستی ئەو زۆر هانیدام کە بەردەوام بم.

*** چۆن لەو سەردەمەدا پێشوازی لە گروپەکەی ئێوە کرا؟ یان ڕێگریەکانی بەردەمتان چی بوون؟**

- ساڵی (1970) هاوڕیانی ڕوانگە ویستیان بەیانامەیەك دەربکەن و مەبەستیانبوو، لەگەڵ گروپەکەی ئێمە بە هاوبەشی ئەو بیاننامەیە دەرکەن، بەڵام بەو پێیەی کە ئێمە گەنجترو ئەوان بەتەمەنتربوون، بۆیە ئەو بیرو بۆچونانەی کە ئێمە دەربارەی شیعر هەمانبوو، ئەوان تەقبوولیان نەدەکردو پێیان پەسەند نەیوو، بۆیە دواتر بەبێ ئێمە بەیانامەکەیان دەرکرد، کە وەك لە گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ) یش وتومە، بەیانامەکەی ئەوان زیاتر سیاسی کۆمەڵایەتی بوو، نەك ئەدەبی و

شیعریی، بەڵام ئێمە لە (14/ 7 / 1971) لە کۆنفرنسی دووەمی یەکێتی نوسەرانی کوردا، کە لە هەولێر بەسرا، بەناوی (شێتەکان بیروڕاو سەرنج) بەیانامەیەك کە لە (15 بۆ 20) خاڵ پێکهاتوەو دەرکرد، کە هەمووی بڕگەکانی پێداگرییە لەسەر ئەوەی کە شیعر چۆنەو ئەبێت چۆنبێت و شعریەتی دەق ئەبێت چۆن بێت.

*** ناکۆکیەکانی نێوان ئێوەو ڕوانگەیەکان لەسەرچی بوو، ئێوە پێتانوابوو کە ئەوان زیاتر مەیلی سیاسیان هەیە، یان هۆکاری ئەو ناکۆکیانە لەسەر چی بون؟ ئایا ناکۆکیەکانتان گەیشتە سەر شتی شەخسی؟ یان تەنها لە چوار چێوەی ناکۆکی ئەدەبیا مانەوە؟**

- ئەوەی ئێمەو گروپی ڕوانگەی کۆکردەوە، تەنها نوێخوازی بوو، بەڵام لای ئەوان نوێخوازیەکی پارێزکار، لای ئێمە نوێخوازیەکی بێسنور بوو. ئەویش پەیوەندی بەوەوە هەبوو، کە دنیای ئێمە لاوتربوو، ئەوان نوێخوازیان دەویست، بەڵام لە سنورێکی داخراو، کە کۆمەڵگە ئەو نوێخوازیە پەسەندبکا، بە پێچەوانەوە ئێمە دەمانوت، ئێمە بۆ کۆمەڵگە نانوسین ئێمە بۆ ئەو کەسانە دەنوسین، کە حەزیان لە خۆێندنەوەی ئەم جۆرە دەقانەیە. ئێمە ناتونین جۆرێك لە ئەدەب بنوسین، کە هەموو جەمارەوەر لێی ڕازی بێت، چونکە ئەدەب، نەنانە برسیەکان تێربکات، نە ئاوە تینوێتی بشکێنێت، تەنها شتێکە بۆ جوانکاری و ئێمە بۆ ئەوانە دەنوسین ، کە لە جوانکاری تێدەگەن، بەڵام ئەوان پێیانوابوو ئەدەب کارێکلی جەماوەریەو دەبێت نەخوێندەوارێکیش لێیتێبگات. هەر ئەمانەش خاڵی جیاوازی نێوان ئێمەو ئەوان بوو، بەڵام هەرگیز جیاوازیەکانمان نەگەیشتە ئەو ڕادەیەی کە ئێمە ڕقمان لە یەك بێت و هەرگیز نەگەیشتە شتی شەخسی، بەڵام نایشارمەوە قسمان درژی یەك لەم لاولا دەکرد.

*** ئەو ناکۆکییانەی لەنێوان ئێوەو ڕوانگەدا هەبوو بە چی گەیشت؟ ئایا کاری هاوبەشتان پێکەوە نەکردو نەتانتوانی لە خاڵێکدا پێکەوە کۆببنەوە؟**

- چۆن لە سیاسەتدا ململانێ و کێبڕکێ هەیە، بەوشێوەیەش لە بواری ئەدەبدا ناکۆکی و ململانێ هەیەو ئێمەو ڕوانگەییەکانیش بۆچوونی جیاوازمان هەبو، زۆرجار پێکەوە دائەنیشتین و گفتۆگۆمان ئەکرد، تەنانەت ئەو کاتەی کە کاك شێرکۆ (مەبەستی لە شێرکۆ بێکەس) وەزیر بوو، نامەی بۆ ناردووم، کە ئەوکات من فەرمانبەر بووم لە وەزارەتی ڕۆشنبیری، بۆی نوسیوم، کە من و تۆ براین و هەر کارێکت هەبوو لە خزمەتدام، ئێستاش نامەکانیم لەلای خۆم پاراستووە، بەڕاستی ئێمە جیلێکی بەختەوەر بووین، ڕق و کینە بەهیچ شێوەیەك لەدڵماندا نەبوو، ناکۆکی هەبوو بەس ڕق و کینە نا، ئێستاش پێموایە (حسێن عارف) ڕۆمانوسێکی گەورەیە، حەقی خۆی نەدراوەتێ، هەروەها (کاکە مەم بۆتانیش) بەهەمان شێوە.

*** دەوترێت دواتر ناکۆکییەکانی نێوان (گروپی کفری و ڕوانگە) لەنێوان تۆو شێرکۆ بێکەسدا زیاتر بەرجەستەبوو، تەنانەت باس لەوە دەکرێت، کە هەندێك جار هێرشی توندتان کردۆتە سەر یەك؟ هۆکاری ئەمە چی بو؟**

-ڕەنگە ناکۆکی ئەدەبی لەناو کوردا تا ڕادەیەك شتێکی نامۆ بێت، بەڵام ئەگەر گۆڤارە کۆنەکانی میسر بخوێنینەوە، ناکۆکییەکی ئەدەبی زۆر گەورە لە نێوان (تەها حسێن و عەباس مەحمود عەقادو سەلامە موساو مستەفا لوتفی) و کۆمەڵێك نوسەری ئەو سەردەمەدا هەبوو کە زۆر ئاسایی بوو، ئەو نوسەرانە ڕەخنەی جدییان لەیەك گرتوەو گفتوگۆیاشیان پێکەوە کردوەو پێکەوە دانیشتوون، ئێمەش وابوین، ڕەخنەشمان لەیەك دەکردو پێکەوە گفتوگۆشمان پێکەوە دەکرد، ڕاستییەکی ئەو ململانێیەی نێوان من و کاك شێرکۆ کە باس دەکرێت، مەسەلە تەنها (من)ەکەیە، ئەو ئەی وت من، منیش ئەموت من....

*** کەواتە ئەم ململانێیە سەری نەکێشا بۆ شتی شەخسی؟**

-هەرگیز، ئێمە دواتر لە چەندین وێستگەی دیکەدا، کاری پێکەوەییمان کردوەو لەیەکیش دوور کەوتوینەتەوە، بۆ نمونە لە دەزگای سەردەم، کاتێکیش هاوڕێیانم دەیانوت بۆ لە دەزگای سەردەم و کاك (شێرکۆ بێکەس) دوورکەوتویتەوە، دەموت» کاکە دوو شاهەنشا لە ژوورێکدا پێکەوە ناگونجێن،

من خۆم بەشا دەزانم و ئەویش هەروەها، (بە پێکەنینەوە).

* چۆن لە شیعری ئێستای کوردی دەڕوانی؟ پێتان وایە لە چ ئاستێکدایە؟

-شیعری کوردی زۆر گەورەو باڵایە، بەڵام زمانی کوردی لە ئاستی شیعری کوردیدا نییە، تاکو شاعیرانی کورد بە دنیا بناسێنێت، وە دەشڵێم» سیاسەتی کوردی ئەوەندە کزو لاوازو بێ دەسەڵاتە، جگە لەوەی ڕقی لە نوسەرانە، ناشیەوێت ناوێك لە ئەدیبەکان زاڵبێت بەسەر ناوی سیاسیەکانەدا، لەبەرئەوە نایەڵێت ئەدەبی کوردی و شیعری کوردی لە ڕێگەی وەرگێرانەوە بگاتە وڵاتانی دنیا. لە دوای ساڵی حەفتاکانەوە هیچ سیاسییەکی کورد هێندەی(4 بۆ 5) شاعیری کورد ناو وناوبانگی نەبووە، کە لە کۆڕو کۆبوونەوەکاندا شیعری بەرگریان دەخوێندەوە، ئەوسا خەڵگ گەورەیی دابووە ئەو شاعیرانە، بەڵام ئێستا هەرچی هەڵدەستێت خۆی بەرپرس دەزانێت و خۆی لێ بۆتە شۆڕشگێڕ. جاران خەڵکی و سیاسییەکانیش پێویستیان بە شیعری بەرگری بوو، بەڵام ئێستا خەڵك هەژارەو سیاسییەکانیش چاویان لە پارەیە.

***تۆ وەك کەسێکی یاخی و دژەباو ناسراویت، ئەم هەستە لە تۆدا بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

-بەشێکی پەیوەندی بە کەشی خێزانی خۆمانەوە هەبو، بەشێکیشی پەیوەندی بە بارودۆخی ئەو سەردەمەوە هەبو، کە هەر بۆخۆی سەردەمی یاخیبوون بوو، بۆ نمونە، لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا سێ شت قەدەغە بوون، هێشتنەوەی قژو قەنافزی درێژ، پانتۆڵی شارستۆن، شیعری مۆدێرن، بۆ نەگبەتی من هەر سێکیانم تێدابو، (بە پێکەنینەوە).

***چۆن بواری چیرۆکی منداڵانت هەڵبژارد؟ هەڵبژاردنی ئەم بوارە حەز بو لەلای تۆ، یاخود هەستت کرد بۆشاییەکی ئەدەبی لەم بوارەدا هەیە؟**

-من هەتا گەورە بووم حەزم لە دانیشتنی ناو ژنان بوو، چونکە لەناو ژناندا چیرۆك و سەرزگوزەشتەی سەیرو خۆش دەگێڕدرایەوە، لە سلێمانییەوە ژنێك بە ناوی (پورە ڕەعنای سەی زادە)وە سەردانی زۆر دەکردین، کە کچێکی لە شاری کفری هاوسەرگیری کردبوو، ئەو ژنە چیرۆکی زۆر خۆشی بۆ دەگێڕاینەوە، کە دەهات ئەوەندە حەزم لە چیرۆکەکانی بوو نەدەچوومەوە ناو منداڵانی گەڕەکەوە. ژنێکی دیکەش لە شاری کفری هەبوو بەناوی (میم عەتیە) کە تورکمان بوو، چیرۆکی زۆر سەرنجڕاکێشی بۆ دەگێڕاینەوە، جوانترین چیرۆکی کە بۆی گێراومەتەوەو تائێستا لە خەیاڵمدا ماوە، چیرۆکی (قیراتڵە)یە، واتە ئەو سوارەی بەسەر پشتی ئەسپێکی ڕەشی قەترانییەوەیە. ئەم چیرۆکە ئەوەندە کاریگەری لەسەرم هەبووە، کە لە چەند بەرهەمێکی ئەدەبیمدا ڕەنگیداوەتەوە. دواتر خۆم کتێبی منداڵانم خوێندەوە، کە زۆربەیانم بە دڵ نەبوو، ئەو شیعرو چیرۆکانە بەرهەمی کرچ و کاڵن و بۆ گەورە نوسراون، لەبەرئەوەی زمانەکەیان سادەیە لێیان نوسراوە بۆ منداڵان، بۆ بەدبەختی کوردیش، زۆرێك لەو بەرهەمانە لە پڕۆگرامی خوێندندا دەخوێندرێن. هەموو ئەو هۆکارانە وایان لەمن کرد شیعرو چیرۆك بۆ منداڵان بنوسم.

*** بەشێك لە نوسەرانی دنیا پێش مەرگیان، جۆرێك لە وەسییەتنامە دەنوسن، پێمانخۆشە بزانین وەسییەتی تۆ بۆ پاش مردنت چییە؟**

-من کەسێك موسڵمانم، هەربۆیە پێمخۆشە لەسەر دەستوری ئایینی ئیسلام بنێژرێم، پێشم خۆشە دوای خۆم خانووەکەم و کتێبخانەکەم و پاشماوە ئادەبییەکانم، بکرێنە مۆزەخانەیەك و ئەدیبدۆستان و خوێنەران سەردانی بکەن، تاکو بزانن من چۆن ژیاوم. من منداڵم نییەو تەنها هاوسەرم هەیە، دڵنیام ئەویش ڕێگر نابێت لە بەجێگەیاندنی ئەم وەسییەتەم.

***دواوتەی بەڕێزت ؟**

-زۆر سوپاسی گۆڤاری باران دەکەم، کە ئەم فایلەیان لەسەر من ئامادەکردوە، بەهیوام سەرکەوتوو بن لە خزمەتی ئەدەبی کوردیدا.